SEARCH FOR COMMON GROUND

COMMUNITY OF PRACTICE



# ڕێنماییەکان لەسەر بەکارهێنانی
# توێژینەوەکانی دۆسیە وەکو میتۆدێکی هەڵسەنگاندن

## دەربارەی ڕێکخراوی گەڕان بە دوای بناغە هاوبەشەکاندا

ڕێکخراوی گەڕان بە دوای بناغە هاوبەشەکاندا ، ڕێکخراوێکی ناحکومییە، کار دەکات بۆ گۆڕینی چۆنێتی مامەڵەکردنی کۆمەڵگاکان لەگەڵ ململانێدا. بە ئەزموونی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە زەمینەی بنیاتنانی ئاشتی، لە سەرانسەری ٤٣ نووسینگەدا لە سەرانسەری جیهاندا، ڕێکخراوی گەڕان بە دوای بناغە هاوبەشەکاندا تێدەکۆشێت بۆ بنیاتنانی ئاشتییەکی بەردەوام بۆ نەوەکان کە بە کارکردن لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ململانێیەکدا بێنە دی، دابینکردنی ئەو ئامرازانەی کە پێویستە بۆ پێکەوە کارکردن و دۆزینەوەی چارەسەری بنیاتنەری.

ڕێکخراوی گەڕان بە دوای بناغە هاوبەشەکاندا ، پرۆگرامی هەمەلایەنە ، لە ڕووی کەلتوورییەوە گونجاو و هەستیار بەململانێ دیزاین و جێبەجێ دەکات، بە بەکارهێنانی مەودای جۆراوجۆر لە ڕێباز، لەوانە ڕاگەیاندن و ڕاهێنان ، بۆ سەرخستنی دیالۆگ و زیادکردنی زانست و دەستنیشانکردنی گۆڕانکاریی پۆزەتیڤ لەهەڵسوکەوتدا.

www.scfc.org

## دەربارەی کۆمپانیای لیڤانتێ

کۆمپانیای لیڤانتێ بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (LTD)، کۆمپانیایەکی پسپۆڕیی ڕاوێژکارییە، کار دەکات بۆ بەهێزکردنی دەستێوەردانە مرۆڤدۆستانەکان و پرۆژەکانی گەشەپێدان لەسەر ئاستی جیهان. تیمەکانی لیڤانتی بۆ پاڵپشتی کردنی کڕیارەکانیان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا ، باشووری (سەهارا) لە ئەفریقا، CIS و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کار دەکەن، تەنانەت لە بوارە زۆر سەختەکانیشدا.

کۆمپانیای لیڤانتی راوێژکاریی ستراتیژی، خزمەتگوزارییەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندن و چاودێریی لایەنی سێیەم بۆ دەزگا نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دابین دەکات. کۆمپانیاکە بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕێکخراو توێژینەوە لێکۆڵینەوەییەکان (پێویستیەکان و هەڵسەنگاندنی بازاڕ، توێژینەوەکانی بۆڕەخساندن) و هەروەها دیزاینی پرۆژە، گەڵاڵەکردنی پرۆژە و پەرەپێدانی سەرچاوەکان ئەنجام دەدات. ئەم ڕێنماییانە بۆ ڕێکخراوی گەڕان بە دوای بناغە هاوبەشەکاندا وەک بەشێک لە کارە بەردەوامەکانی لیڤانتی، بۆ پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی هەوڵەکانی توێژینەوە لە کەرتەکەدا داڕێژراوە.

www.levante-international-development.org

# پێرست


| | |
|---|---|
| **بەکارهێنانی ڕێنماییەکا** | 4 |
| **توێژینەوەی دۆسیەی هەڵسەنگێنراو چییە؟ ن** | 5 |
| پێناسە: | |
| بابەت (دۆسیە) چییە؟ | |
| میتۆدە ئاوێتەکان | |
| جۆرەکانی توێژینەوەی دۆسیە | |
| **بۆچی توێژینەوەی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا بەکار** | 6 |
| **ئایا پێویستە توێژینەوەی دۆسیە بۆ هەڵسەنگاندنەکەم بەکاربهێنم؟** | 7 |
| **چۆنیەتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا** | 9 |
| چ دۆسیەیەک هەڵبژێرم؟ (وەرگرتنی نموونە) | |
| کۆکردنەوەی داتا | 11 |
| شیکردنەوەی داتا | 12 |
| ڕاپۆرت نووسین | 15 |
| **ئامراز و سەرچاوەکان** | 18 |
| **پاشکۆی ١ - پەرتوکناسی (بیبلۆگرافی)** | 20 |

# بەکارهێنانی ڕێنماییەکان

فێربوون دەخرێنە ڕوو، بە مەبەستی پەرەپێدانی توێژینەوەی دۆسیە هەڵسەنگێنراوەکاندا (یان ڕەچاوکردنی بەکارهێنانیان).

لەم ڕێنماییانەدا سەرەتا خوێنەر بە چەمکی توێژینەوەی دۆسیە دەناسێندرێت، پێناسەیەکی ڕوون دەخاتە ڕوو کە چۆنێتی بەکارهێنانیان لە مەبەستەکانی هەڵسەنگاندندا پیشان دەدات. مەبەستیان ڕێنمایی کردنی بڕیاردانی هەڵسەنگێنەرە لەبارەی ئەوەی ئایا میتۆدەکانی توێژینەوەی دۆسیە بەسوودن و پەیوەستن بەئامانجەکانیان یا نا. لەم بەڵگەنامەیەدا سوود و زیانەکانی مێتۆدەکانی توێژینەوەی بابەت و، هەروەها لیستەی پشکنین کورت بۆ تاقیکردنەوەی شیاویی مێتۆدەکانی توێژینەوەی بابەت، خراوەتە ڕوو.

کاتێك خوێنەر دڵنیا دەبێتەوە لەوەی میتۆدناسیی توێژینەوەی دۆسیە بۆ ئامانجەکانیان گونجاوە، ئەو کاتە ڕێنماییەکان، ڕێکارەکانی چۆنێتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە بۆ هەڵسەنگاندن و، دیاریکردنی بابەتەکان (حاڵەتەکان) و، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و نووسینی ڕاپۆرت دەخەنە ڕوو. بەشەکانی ڕێنمایی تەواوکەری یەکترن و، دەتوانرێت لە هەمان کاتدا بەیەکەوە بەکار بهێندرێن؛ گەڕانەوەکان بۆ بەندەکانی تری ڕێبەرییەکە بەکاردێت بۆ یارمەتیدانی خوێنەر، بۆ ڕووپێوکردنی چینە پەیوەندیدارەکان.

لە کۆتاییدا، لە هەر شوێنێکدا پێویست بێت، ڕێنماییەکان لینک و پێشنیار بۆ سەرچاوەی زیاتر دەخەنە بەردەست، بۆ یارمەتیدانی هەڵسەنگێنەر لە پەرەپێدانی توێژینەوەی دۆسیەدا. ئەمانە نموونەی کورت یان دەرهاویشتەی توێژینەوەی دۆسیە بەردەستەکان، «لیستەی پشکنینی کوالێتی» و نموونەکانی ڕاپۆرتکردن لەخۆ دەگرێت.

# توێژینەوەی دۆسیەی هەڵسەنگێنراو چییە؟

## پێناسە:

### توێژینەوەکانی دۆسیە[1]

توێژینەوەیەکی بابەتی، شێوازێکە بۆ فێربوون دەربارەی وردەکارییەکانی یەک «نموونە»ی بژاردە. ئەم «نموونە» ڕەنگە هێندەی تاکە کەسێك بچووک بێت، یان بەقەد هەموو وڵاتەکە گەورە بێت (بۆ زانینی زیاتر، بڕوانە بابەت (حاڵەت) چییە؟ لە خوارەوە)

ئەو «نموونانەی» هەڵدەبژێردرێن بۆ شیکردنەوەی توێژینەوەی دۆسیە، بەزۆری ئاڵۆزن: چەندین فاکتەری جیاواز هەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەریان. بەبێ شیکردنەوەی قوڵ و تێگەیشتن لە دۆسیەکە لە چوارچێوەی خۆیدا، هەڵاواردنی ئەمانە سەختە. لە ئەنجامدا، توێژینەوەکانی دۆسیە بە باسکردن و شیکردنەوەی تێروتەسەلی دۆسییەکە جیا دەکرێنەوە، بە بەکارهێنانی سەرچاوە جیاوازەکانی زانیاری. ئامانجی توێژینەوەیەکی بابەتی، بەدەستهێنانی وێنەیەکی تەواوە لەوەی کە لە «نموونە»یەکدا ڕوو دەدات و هۆکاری ڕوودانەکەی.

### هەڵسەنگاندنەکان

هەڵسەنگاندن، بەراوردێکی سیستماتیك و بابەتییانەی  پرۆژە یان پرۆگرامێکە کە لە کاتی ئەنجامداندایە یان تەواوکراوە؛ دیزاین و جێبەجێکردن و ئەنجامەکانی هەڵدەسەنگێندرێت. هەڵسەنگاندنەکان، توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان زانیارییە هاوردەکان بۆ پرۆگرام/پرۆژە و بەرەنجامەکان دەکەن. هەڵسەنگاندنە باشەکان پێویستە سوودبەخش بێت بۆ بڕیارەکانی بەرنامەڕێژی کە بەرەنجامی بەهێزتر بەرهەم دەهێنێت.

### هەڵسەنگاندنەکانی توێژینەوەی بابەت

لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنێکدا، توێژینەوەی دۆسیە جاوازە لە تەکنیکەکانی دیکەی داتا کۆکردنەوە و داتا شیکردنەوە. هەوڵ نادات لە هەر شوێنیکی پرۆژەیەك هەرچی ڕووی دا ئەو لێی تێبگات. لە جیاتی ئەوە، بە وردی تیشك دەخاتە سەر بەشێکی دیاری کراوی ئەو پرۆژەیە، دەرفەتی ئەوەت بۆ دەڕەخسێنێت کاریگەریی (ئەوەی کە ڕوویداوە و بۆچی) و ئەو فاکتەرە جیاوازانەی کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر دەستتێوەردانێك دەربخەیت.
یەکێك لە سەرەکیترین سوودەکانی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دۆسیە ئەوەیە کە یارمەتیت دەدات لە تێگەیشتنێکی قووڵی چۆنێتی کارکردنی/هاوتاکردنی دەستێوەردانێك لە چوارچێوەی خۆیدا. هەڵسەنگاندنەکان ڕێگاگەلێکی بەهێز و بەردەست بۆ سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەر و بینەر و گوێگردا دەخەنە ڕوو. یەکێك لە سنووردارێتییەکان ئەوەیە کە توێژینەوەکانی دۆسیە ئەوەی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕوودەدات باسی دەکەن، ئەگەر بە تەنیا توێژینەوەکانی دۆسیە بەکار بهێنرێن، گشتاندن مەیسەر نییە. ئاکامبەندی پێویستە تەنیا

١ ئەم ڕوونکردنەوەیە لەسەر بنەمای ئەو پێناسە کلاسیکی و بەگشتی قبووڵکراوەوە دامەزراوە کە لەلایەن نوسینگەی ژمێریاریی گشتیی ئەمریکییەوە دامەزراوە. (نوسینگەی ژمێریاریی گشتیی ئەمریکا، (١٩٩٠) هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دۆسیە.
٢ (ئاژانسی گەشەپێدانی نەمسا. (٢٠٠٩) ڕێنماییەکان بۆ هەڵسەنگاندنەکانی پرۆژە و بەرنامە).
https://www.oecd.org/derec/austria/AUSTRIA20%ADA20%ADC20%Guidelines.pdf

## بابەت (دۆسیە) چییە؟

توێژینەوەکانی دۆسیە تیشك دەخەنە سەر نموونەیەکی بژاردە؛ لەگەڵ ئەمەیشدا، دەکرێت «دۆسیە»یەك بە ئەندازەی تاکەکەسێك بچووك بێت یان هێندەی وڵاتێك گەورە بێت. دۆسیە دەکرێت  (بەڵام سنووردار ناکرێت) یەکێک بێت لەمانە :

- ڕووداوێك یان ڕاهێنانێك
- تاکە سوبەرێك یان مشتەرییەك
- پێگە، سەنتەر، دەزگا یان ڕێکخراوێك
- کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو
- چالاکییەکی دیاریکراوی پرۆژەیەك
- ناوچەیەکی جوگرافیایی (بۆ نموونە: وڵات، پارێزگا، گوند)

تۆ دەبێت بڕیار بدەیت کە چ یەکەیەکی شیکردنەوە «دۆسیە»یەك دابمزرێنیت بۆ هەڵسەنگاندنەکەت و، چەند دۆسییە بەکار دەهێنیت. بە مەبەستی ڕێنماییکردن دەربارەی چۆنێتی ئەم بڕیاردانە،بڕوانە نموونە وەرگرتن. لەگەڵ ئەوەیشدا، پێویستە بڕیار بدەیت کە چۆن و بۆچی دۆسیە/یەکە هەڵبژێردراوەکانت دیاری کردوو – ئایا تۆ ئارەزوومەندی بۆ بینینی ڕەوتی سەرکەوتن یان شکستەکان؟ دۆسیە ئاساییەکان یان دۆسیە بریکارییەکان؟ بە مەبەستی ڕێنماییکردن دەربارەی چۆنێتی ئەم بڕیاردانە، بڕوانە کام جۆر لە توێژینەوەی دۆسیە و نموونە وەرگرتن.

### میتۆدە ئاوێتەکان

گرنگە لەوە تێبگەین کە توێژینەوەکانی دۆسیە ئامرازێکی دیاریکراو نین، بەڵکو ڕێبازێکن بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکان. لە کاتی بنیاتنانی توێژینەوەی دۆسیەیەکەت، کۆمەڵەیەك لە ئامراز و میتۆدی جیاواز بەکار دەهێنیت بۆ پەرەپێدانی لێکدانەوە دەوڵەمەند و تێروتەسەلەکانی دۆسیەکە. ئەمانەیش پێکدێن لە کۆمەڵە میتۆدێکی چەندێتی و چۆنێتی، لەوانە تاوتوێکردنی داتا و بەڵگەنامە، دیمانە و گفتوگۆکانی ئەو گرووپەی تیشکیان لەسەرە، چاودێریکردنەکان/سەردانیکردنەکانی پێگە، پرسنامە کورتەکان و بەڵگە بینراوەکان. بە تێکەڵکردنی کۆمەڵە میتۆدێکی جیاواز، لە تواناتدا دەبێت کە وەڵامێکی باوەڕپێکراو بۆ پرسیارە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنەکەت کۆ بکەیتەوە (بڕوانە سێکوچ بەندی). بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوەی داتا.

### جۆرەکانی توێژینەوەی دۆسیە

چەندین جۆری توێژینەوەی دۆسیەی جۆراوجۆر هەیە و گونجاون لەگەڵ  مەبەستە جیاوازەکانی هەڵسەنگاندن یان لێکۆڵینەوەکەتدا. دەتوانن وەکو «وەسفکردن» کار بکەن، قووڵی یان ڕەنگێکی زیاتر بۆ میتۆدەکانی دیکە زیاد دەکەن؛ یان وەکو «شیکاری» بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەسەر چۆنێتی کارکردنی دەستتێوەردانێك دەکرێت. چوار جۆر توێژینەوەی دۆسیە هەیە، پێك دێت لەمانە: ڕەوان (زانیاری قووڵ بۆ پاڵپشتی لەو داتایانەی کۆ کراونەتەوە)، شیکاری (ناساندنی بابەتەکان بۆ لێکۆڵینەوەکانی دواتر)، نموونەی تایبەت و گرنگ (قووڵبوونەوە لە دۆسیەیەکی سەرنجڕاکێش/نائاسایی) و، دەرخستن (وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی دەربارەی جێبەجێکردنی پرۆگرام و/یان کاریگەرییەکانی پرۆگرامەوە دەکرێن). وێڕای ئەمانەیش، توێژینەوەکانی دۆسیە دەکرێت بەراوردکار بن، واتا بۆ بەراوردکردن لە نێوان چەند دۆسیەیەکدا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و بنیاتنانی/ئەزموونکردنی گریمانەکان. بڕوانە کام جۆری توێژینەوەی دۆسیە؟.

# بۆچی توێژینەوەی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا بەکار بهێنین؟

دەکرێت توێژینەوەکانی دۆسیە ببنە ئامرازێکی گەلێك کاریگەر و بەهێز بۆ هەڵسەنگاندنی دەستتێوەردانە پەرەپێدانی و مرۆڤدۆستانەکان – بە تایبەت ئەوانەی کە پەیوەندیی نێوان هاوردە و دەرهاویشتەکانیان ڕوون و ئاشکرا نەبێت. ئەمانە کاتێك لە جیانی میتۆدەکانی تر یان بە هاوبەشی لەگەڵ میتۆدەکانی تردا بەکار دەهێنرێن، سوودگەلێکی زۆر دەبەخشن.

هەرچەندە، توێژینەوەکانی دۆسیە هەمیشە گونجاو نین بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرام/پرۆژە و کۆمەڵێك خاڵی لاوازیان هەیە. تکایە بەها و سنووردارییەکان، لەگەڵ لیستەی پشکنینی کردەیی لە ژێر بەشی (ئایا پێویست دەکات توێژینەوەی دۆسیە بەکاربێنم بۆ هەڵسەنگاندنەکەم؟)دا بخوێنەرەوە.

## بەهای بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

کان: توێژینەوەکانی دۆسیە بۆ تاوتوێکردنی زەمینە ئاڵۆزەکان بەنرخن، لە کاتێکدا چەندین فاکتەری جیاواز هەن کە یانەوە و ناکرێت بۆی کۆنترۆڵ بکرێت.

نەکان تێگەیشتنێکی بتەوترت پێ دەدات لە ڕادەی کاریگەریی دەستتێوەردانێك بەراورد بە ئامارەکان.

دەتوانن بە دیاریکراوی بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی دەستتێوەردانە بنیاتنانەکانی ئاشتی بەسوود بن، کە تیایاندا چەندین املکردنی ئەو زانیاریانەی کە بە ئاسانی لە جۆرەکانی تری هەڵسەنگاندندا بەدی ناکرێت، توێژینەوەکانی دۆسیە یارمەتیت دەدات یتی "بەشداریکردن"ی دەستتێوەردانێك لە گۆڕیندا.

راوەکان/نەخوارزاوەکان: توێژینەوەی ڕەوشێك بە قووڵی، بەبێ پرسیاری وردی لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی کۆکردنەوەی داتا و سێنێت کە ئەو کاریگەرییانەی/ئەو هۆکارانەی کە لەوانەیە لە سەرەتای پرۆژەکەدا ڕەچاوت نەکردبێت دەستنیشان بکەیت.

ەیە کە توێژینەوەکانی دۆسیە کاتێکی لە ڕادە بەدەر زۆر و سەرچاوەیەکی لە ئەندازە بە دەر زۆریان پێویستە بۆ بنیاتنان. ت نییە. دەکرێت توێژینەوەکانی دۆسیە لەگەڵ فۆرم و زەمینەی جیاوازدا بگونجێنرێت

ژینەوەی دۆسیەی قووڵ ئاسانتر بێت بۆ بەدەستهێنان لەو میتۆدی لێکۆڵینەوانەی کە پێویست بە دەستگەیشت بە چەندین

ەمەجۆر: توێژینەوەیەکی دۆسیە دەتوانێت چۆنێتی کارکردنی دەستتێوەردەکان بەیەکەوە/کارلێککردنیان بەیەکەوە تاوتوێ بکات.

ە شێوازێکی بەکەڵك بێت بۆ بەوردی تاوتوێکردنی وردەکارییەکانی چۆنێتی بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی هەمەلایەنە لە لایەن ۆ خزمەتگوزاریی جۆراوجۆری تەندرووستیی دەروونی/دەروونیی کۆمەڵایەتی، یان خزمەتگوزاریی یاسایی یان پەروەردەیی لە لایەن

ەوەکانی دۆسیە ڕێگایەکی باشن بۆ گەیاندنی کاریگەری و ئاڵنگارییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر لە جەماوەر. چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە و

## سنووردارییەکانی بەکارهێنانی توێژینەوەی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

**هەمیشە گشتاندن ناکرێت:** بەپێی پێناسە، توێژینەوەی دۆسیە تەنها لەبارەی نمونەیەکی تایبەتەوە پێت دەڵێت، بۆیە ناتوانیت بۆ گەشتن بە دەرەنجامی فراوان بەکاری بهێنیت – مەگەر لەگەڵ شێوازی دیکەدا بەکاری بهێنیت.

میتۆدەکانی چەندێتی، هاوشێوەی ڕاپرسی گشتاندن دەکرێن چونکە زۆربەی جار نمونەی گەورە و بەرچاویان هەیە. توێژینەوەی دۆسیە دەتوانێت قوڵی بە دۆزینەوەی گشتی ببەخشێت، بەڵام ناتوانرێت بەتەنها بەکاربهێنرێت بۆئەوەی پێمان بڵێت لە هەموو شوێنێک و دۆخێکدا چی ڕوودەدات.

توێژینەوەی دۆسیە تەنها دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی 'چی'، 'چۆن' و 'بۆچی' بداتەوە. تێبینیی ئەوە بکە کە توێژینەوەی دۆسیە دەتوانێت وەڵامی پرسیاری 'چی' بداتەوە – بەڵام مەرج نییە وەڵامی پرسیارە گشتاندنەکان بداتەوە. بەهەرحاڵ، دەتوانن مەبەستی ئەوە بگەیەنن کە پێت بڵێن لە بارودۆخێکی تایبەتدا چی ڕوودەدات. **تێگەشتن لە ئامانجەکانت** ببینە.

توێژینەوەی دۆسیە تەنها پشت بە چەند وردەکاری و سەرچاوەیەکی داتا دەبەستێت؛ بۆیە، پلەیەکی بەردەستبوون پێویستە بۆ شوێن/ سوودمەندبووەکان/خاوەن پشکەکانی پرۆژەکە و ستاف/چالاکی بۆ تێبینی/بەبەڵگەکردن هتد.

توێژینەوەی دۆسیە ئەگەری لایەنگریکردنی هەیە (**شیکردنەوەی داتا** ببینە بۆ ڕێگاکانی چۆنییەتیی بەرەنگاری کردنیان).

# ئایا پێویستە توێژینەوەی دۆسیە بۆ هەڵسەنگاندنەکەم بەکاربهێنم؟

## لە ئامانجەکانت تێبگە

یەکەم هەنگاو دیاریکردنی ئامانجە گرنگەکان و پرسیارە گرنگەکانی هەڵسەنگاندنە. لەوانەیە ئەمانە لە دەستپێکی پڕۆژەکەدا بڕیاریان لەسەر درابێت، یان لەوانەیە لەسەر بنەمای بیردۆزی گۆڕانی دەستتێوەردانەکە دروستیان بکەیت.
دەبێت لەنێوان ٥-٧ پرسیاری فراوانی هەڵسەنگاندنت هەبێت (و لەوانەیە لەنێویاندا چەند پرسیارێکی تایبەتت هەبێت)، تیشک بخەرە سەر کاریگەری، پەیوەندیداری/ توانای بەردەوامبوونی پڕۆژەکەت (یان پێوەری تری وەکو پێکەوەگونجان یان چوستی/کارایی).

**سەرچاوەی زیاتر بۆ دروستکردنی پرسیاری هەڵسەنگاندن:**

لیستی پرسیاری هەڵسەنگاندن بۆ هەڵسەنگاندنی پڕۆگرام، وینگەیت & شرۆوتەر - زانکۆی ڕۆژئاوای میشیگان، ٢٠١٦
https://www.betterevaluation.org/sites/default/files/eval-questions-win-gate%26schroeter.pdf

شێوازەکانی توێژینەوەی دۆسیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری هەڵسەنگاندنی ‹چۆن› و ‹بۆچی› باشترینن، چونکە بە وردی تیشک دەخەنە سەر نمونەکان. ئەگەر پێویست بەوەبێت کە وەڵامی پرسیارەکانی وەک ‹چەند›، ‹تا چ ڕادەیەک› یان ‹چەند جار› بدەیتەوە، پێویستت بەوە دەبێت شێوازی دیکە بەکاربهێنیت.

**نموونە:**

- ئایا دەستتێوەردانەکە چەندە بە سەرکەوتوویی یارمەتی دروستکردنی کاریگەری دەدات، بەپێی بیردۆزی گۆڕان؟
- ئایا دەرەنجامە نەویستراوەکان (ئەرێنی یان نەرێنی) کامانەن؟ ئایا بۆچی ڕوودەدەن؟
- ئایا بۆچی جیاوازی لە دەرەنجام بوونی هەیە بۆ شوێن/چالاکی/تاکە سوودمەندبووە جیاوازەکان؟

توێژینەوەی دۆسیە ناتوانێت بزانێت کە دەستتێوەردان تا چ ئاستێک پشتگیرییە پێویستەکانی تەندروستیی دەروونی و دەروونیی کۆمەڵایەتی (MHPSS)ی تاکە لاوازەکان لە کۆمەڵگادا دەستنیشان کراوە یان ڕێکخراوەکەت بە چەندیان گەشتووە، بۆ نمونە.
بەهەرحاڵ، دەتوانن یارمەتی بدەن لەوە تێبگەین کە تاکێکی سوودمەندبوو کاردانەوەی چۆنە بۆ دەستتێوەردانەکان و لەوانەیە چ هۆکارگەلێک کاریگەرییان هەبێت.
هەروەها لەوانەیە توێژینەوەی دۆسیە ڕێگایەکی کاریگەر بێت بۆ دیاریکردنی ئەو هۆکارەی کە بۆچی دەستتێوەردان بۆ هەندێک سوودوەرگرتوو لە هەندێکی دیکە بەسوودتربێت (لەبەر چەند هۆکارێک کە دەستبەجێ دیارنین).
تێگەشتن لە ئامانجەکانت هەروەها بۆ زانینی ئەوەش گرنگە چ جۆرە توێژینەوەیەکی دۆسیە بۆ هەڵسەنگاندنەکەت بەکاردەهێنیت، لەگەڵ ئەو تەکنیکانەی کە دواتر بەکاریان دەهێنیت (**چ جۆرە توێژینەوەیەکی دۆسیە؟** ببینە).

## لیستی پشکنین

ئەمەی خوارەوە لیستێکی پشکنینی خێرای بڕیاردانە تاکو یارمەتیت بدات تێبگەیت کە ئایا توێژینەوەی دۆسیەی هەڵسەنگێنەر لەگەڵ ئامانجەکانت دەگونجێن. دەبێت بتوانیت بە ‹بەڵێ› وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە تاکو بەردەوامبیت:

| نەخێر | بەڵێ | پێوەر |
|---|---|---|
| ☒ | ☑ | دەتەوێت وەڵامی پرسیارەکانی 'چۆن' یان 'بۆچی' بدەیتەوە – یان تەنانەت 'چی ڕوویدا'؟ |
| ☒ | ☑ | ئەو پڕۆژەیەی کە هەڵیدەسەنگێنیت بەردەوامە یان تازە تەواو بووە.<br>ئەمە گرنگە تاکو لەوە دڵنیاببیتەوە کە دەتوانیت لەگەڵ خاوەن پشکە پەیوەندیدارەکان بدوێیت و تێبینی بکەیت، لەجێی ئەوەی پشت بە داتای مێژوویی ببەستیت. |
| ☒ | ☑ | کات/ئەگەری داتا کۆکردنەوەی قوڵ هەیە.<br>ئەمە لەسەر جۆری ئەو توێژینەوەی دۆسیانە بەندە کە لە هەڵسەنگاندنەکەتدا بەکاریان دەهێنیت و وەک ' دۆسیەکەت' هەڵیاندەبژێریت. کات و سەرچاوەی بەردەست پەیوەندییان بە توانای ڕێکخراو و تیمەکەتەوە هەیە.<br>بەهەرحاڵ، توێژینەوەی دۆسیە پێویستی بەوە نییە کات بگرێت. دەکرێت ٢-٣ ڕۆژ لە چاوپێکەوتنی قوڵ و تێبینیکردن بەس بێت (**کۆکردنەوەی داتا** ببینە).<br>بە ئاگاداری بیر لە مەودا و توانای ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکەت بکەرەوە. زانیارییەکانی دیکەی ئەم بەڵگەنامەیە بۆ ڕێبەری کردنت بەکاربهێنە. |
| ☒ | ☑ | تۆ لەگەڵ میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی چۆنییەتی ئاشنایت وەک گفتوگۆی گروپی تیشکۆ کردن، چاوپێکەوتنی زانیاریی گرنگ و تێبینی کردن. |

## چ جۆرێکی توێژینەوەی دۆسیە؟

هەر کە لیستی پشکنینەکەت تەواوکرد و بڕیارتدا توێژینەوەی دۆسیە لەوانەیە گونجاو بێت، هەنگاوی داهاتوو ئەوەیە لەوە تێبگەیت چ جۆرێکی توێژینەوەی دۆسیە بەکاردەهێنیت. ئەمە گرنگە چونکە کۆکردنەوەی داتا، شیکردنەوە و ڕێگاکانی نووسینی ڕاپۆرتەکەت دیاری دەکات. هەبوونی بیرۆکەیەکی ڕوون لە جۆری ئەو توێژینەوەی دۆسیەیەی کە بەکاریدەهێنیت یارمەتیت دەدات بڕیارەکانی داهاتووت بدەیت.
تەماشایەکی ڕوونکردنەوەکانی خوارەوە بدە و بڕیاربدە کە کامیان لە ئامانجی هەڵسەنگاندنەکانتەوە نزیکترینە. تەنانەت دەتوانیت زیاد لە یەک جۆریش بەکاربهێنیت

# ئایا پێویستە توێژینەوەی دۆسیە بۆ هەڵسەنگاندنەکەم بەکاربهێنم؟

**ڕەوان**

دەمەوێت وەک بەشێک لە هەڵسەنگاندن لە ڕێگای میتۆدی جیاوازەوە، زانیاریی قوڵ و نموونە زیاد بکەم بۆ پشتگیری کردن لە داتای کۆکراوە. ئەمە بۆ یارمەتیدانی زیادکردنی دەقە و بۆ یارمەتیدانی خوێنەرانە تا تێبگەن.
ئەم جۆرەی تویژینەوەی دۆسیە باس لەوە دەکات کە لە ٢-١ نمونەدا چی ڕوودەدات و بۆچی.

**دەرخستن**

من خۆم ئامادە دەکەم بۆ هەڵسەنگاندنێکی گەورەی توێژینەوە و دەمەوێت بابەتەکان دیاری بکەم بۆ لێکۆڵینەوەی دواتر.
توێژینەوەی دۆسیەکەت بۆ یارمەتیدانی ئامادەکردنی پرسیاری هەڵسەنگاندن، ستراتیجی و ئامرازەکان بەکاردێت. لەو کاتەدا بەسوودە کە کەم زانراوە لەبارەی چۆنییەتیی کارکردنی شتەکان بە کرداری

**نموونەی بژاردە و گرنگ**

دەمەوێت تەماشای دۆسیەیەکی دیاریکراو بکەم کە سەرنجڕاکێشە یان نائاساییە.
بۆ نمونە دەمەوێت زیاتر لەو هۆکارە تێبگەم کە بۆچی پرۆژەکە بۆ کەسێک/شوێنێکی دیاریکراو کاردەکات/کارناکات.
توێژینەوەی دۆسیەی نمونەی گرنگ لە پرسیاری هۆکار و کاریگەری دەکۆڵێتەوە

**شیکاری**

دەمەوێت زیاتر لەوە تێبگەم چۆن پرۆژەکە جێبەجێکراوە و وەڵامی پرسیار بدەمەوە لەبارەی چوستی و کاریگەرییەوە (جێبەجێکردنی پرۆگرام)

و/یان

دەمەوێت کاریگەرییەکانی پرۆژەکە و کاریگەریی دەستتێوەردانەکە بپشکنم (کاریگەرییەکانی پرۆگرام)

# چۆنیەتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

## چ دۆسیەیەک هەڵبژێرم؟ (وەرگرتنی نموونە)

### لە ئامانجەکانت تێبگە

یەکێک لە بڕیارە بنەڕەتییەکان بریتییە لە بڕیاردان لەوەی ئایە دۆسیە تاکەکەت چەند «گەورە» یان «بچوک» دەبێت. لە کاتی ئەنجامدانی ئەم بڕیارە، بیر لە ئامانج و پرسەکانی توێژینەوەکەت هەروەها لە توانای تیمەکەت بکەوە. دەکرێت دۆسیەکانت بەم جۆرە بن:




- ئاستی ورد: بۆ نموونە، تەماشاکردنی تاکە/کۆمەڵگە سوودمەندبووەکان کە پرۆژەیەک جێبەجێ کراوە.
- ئاستی ناوەندی: بۆ نموونە، تەماشاکردنی چالاکی/خزمەتگوزاری گەیەندراو/سیاسەتە دیاریکراوەکان
- ئاستی گەورە: بۆ نموونە، وەرگرتنی پرۆژە یان چوارچێوە/وڵاتێکی تەواو وەکو دۆسیە و بەراوردکردنی بەوانی تر

هەروەها دەکرێت دۆسیەکەت ‹تێکەڵکراو› بێت – دەتوانیت تەماشای دۆسیە وردەکان بکەیت (بۆ نموونە، ڕاهێنراوی دیاریکراو کە ڕاهێنانی پێ کراوە) لە نێو دۆسیەیەکی گشتی گەورەتر دا (بۆ نموونە، ناوەند یان دامەزراوەیەکی دیاریکراو کە بنیاتنانی توانا/دەستتێوەردانیان وەرگرتووە).
کاتێک توێژینەوەی دۆسیەکەت دەنووسیتەوە، دەبێت بە ئاشکرا یەکەی شیکردنەوەکەت دیاری بکەیت:

**نموونە:**

ستی پارێزگا:

ئەمە توێژینەوەیەکی دۆسیەی ڕوونکردنەوەیی کاریگەریی بەرنامەیە. دەرۆزەی هۆکارەکانی پشت بەرەوپێشچوونی کورت خایەن و درێژخایەنی بەشداربوونی ئافرەت لە سیاسەت دەکات لە پارێزگای «س»ی وڵاتی «ش». یەکەی شیکردنەوەمان لەم توێژینەوەی دۆسیەیەدا پارێزگای «س»ـە.
ئەم دۆسیە هەڵبژێردراوە چونکە وا دەردەکەوێت زۆرترین سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە بەشداربوونی ئافرەت لەو پارێزگایانەی کە پرۆژەی «د» جێبەجێ کراوە. توێژینەوەکە ئامانجی تێگەیشتنە لە ڕۆڵ و بەشدارییەکانی پرۆژەی «د»ـە لەم بەرەوپێشچوونانەدا لە نێو چوارچێوەیەکی بەرفراوانتری گۆڕانکارییەکان لە پارێزگای «س»دا لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوو و دەستنیشانکردنی هەر هۆکارگەلێکی دیکە کە دەشێت بووبێتنە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاری.

### جۆرەکانی لایەنگرتن Bias

هاوشێوەی هەموو میتۆدەکانی هەڵسەنگاندن، توێژینەوە هەڵسەنگێنەرییەکانی دۆسیە ڕووبەڕووی جۆرە جیاوازەکانی لایەنگرتن دەبنەوە، کە دەشێت کار بکەنە سەر ڕاستگۆیی بەڵگە و دەرەنجامەکانت:

- لایەنگرتنی هەڵسەنگێنەر – بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی ناوەندیی هەڵسەنگێنەر لە تەواوی پرۆسەی دیزاینکردن و ئەنجامدانی توێژینەوەی دۆسیە، دەشێت هەر بیرۆکە یان دیدێکی پێشەکی کە ئەم کەسە هەیەتی (تەنانەت ئەوانەی لە بێئاگاییدان) کاریگەری بخاتە سەر ئەنجامەکان. لەبەر ئەوەیە گرنگە کە ڕەچاوی ڕوونکردنەوە و بیردۆزەکانی دیکە بکرێت.
- لایەنگرتن لە هەڵبژاردندا – هەڵبژاردنی دۆسیە لەبەر هۆکارگەلی هەڵە (بۆ نموونە، گونجان) دەشێت دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکەت کەمبایەخ بکات (تەماشای میتۆدەکانی نموونە وەرگرتن بکە).

دەشێت لایەنگرتن لە هەر قۆناغێکی بەرەوپێشچوونی توێژینەوەی دۆسیە ڕوو بدات، لە داڕشتنی بیردۆزەوە بۆ شیکردنەوەی زانیاری. خۆشبەختانە، ڕێگاگەلێک هەن بۆ کەمکردنەوەی ئەم لایەنگرتنانە – بەو جۆرەی لە کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوەی داتادا باسکراوە.

**نموونە:**

ئاستی تاک:

ئەمە توێژینەوەیەکی دۆسیەی نموونە گرنگە. داتای جۆرییەتی قووڵ دەستەبەر دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی بەشدارن لە خراپبوونی نیشانەکانی ئەنگاوتە لە نێوان پەنابەرانی کامپی «س» لە پارێزگای «ش». یەکەی شیکردنەوەمان لەم توێژینەوەی دۆسیەیە بریتیە لە تاکێک کە خزمەتگوزاریی تەندروستیی دەروونی و پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتیی (MHPSS) ئێمە لە کامپی پەنابەریی «س» وەر دەگرێت. ئێمە ئەم دۆسیەمان هەڵ بژارد چونکە سوودمەندبوو دەستەیەکی بچووکی ئەو بەکارهێنەرانە دەنوێنێت کە هەواڵی زیادبوونێکی بەرچاویان لە «هەستکردن بەوەی کە داهاتوویەکت نییە» داوە لە پرسیارنامەی ئەنگاوتەی هارڤارد (HTQ) لە کۆتا هێڵدا. ئەمە ئەنجامی ڕێبازی گشتیی نموونە وەرگرتنی هەڵسەنگاندنەکەمانە بۆ سەیرکردنی دۆسیە ناوازەکان. توێژینەوەکە ئامانجیەتی کە لە بۆشایی نێو خزمەتگوزاریی تەندروستیی دەروونی و پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتیی (MHPSS) و ڕۆڵی ڕێتێچووی هۆکارە دەرەکییەکان لە بەشداریکردن لە ئەنجامێکی کەمتری HTQ تێ بگات.

# چۆنیەتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

## میتۆدەکانی نموونەوەرگرتن

هەر کە بڕیارتدا دەربارەی قەبارەی یەکەی دۆسیەکەت، پێویستە بڕیار بدەیت چی دۆسیەیەک هەڵدەبژێریت. پێویستە هۆکاری ئاشکرا بۆدەستنیشانکردنی ئەم دۆسیەیانە دابین بکەیت لە ڕێگەی دیاریکردنی ستراتیژی نموونە وەرگرتنت – ئەمە گرنگە بۆ خۆپاراستن لە لایەنگرتن لە هەڵبژاردندا. ( دەشێت لایەنگرتنی لە هەڵبژاردندا دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکەت کەم بایەخ بکات ئەگەر توێژەران ئەو دۆسیانەیان لەبەر هۆکارگەلی هەڵە هەڵبژارد.).

بۆ هەڵسەنگاندنەکانی توێژینەوەی دۆسیە، بە نزیکەیی هەمیشە ‹مەبەستدارە›. ئەمە مانای ئەوە دەدات کە دۆسیەکان هەڕەمەکییانە هەڵنابژێردرێن، بەڵکو هەڵدەبژێردرێن چونکە زانیارییەکی دیاریکراو دەردەخەن:

- خستنە نێو کەوانەوە: دۆسیەکان لە پەرگیرییەکانی دەستتێوەردانێک هەڵبژێرە، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەوانەی کە چی شتێک جیاوازییەکان ڕوون دەکاتەوە. (بۆ نموونە، جۆرە زۆر جیاوازەکانی دۆسیە)
- باشترین/خراپترین دۆسیەکان: ئەمانە هەڵبژێرە بۆ تەماشاکردنی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر سەرکەوتن یان شکستەکان هەبووە بۆ بەدەستهێنانی وانە سوودلێوەرگیراوەکان
- دۆسیە نوێنەرایەتیکەرەکان: ئەمانە هەڵبژێرە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی دۆسیەگەلێک دەخەیتەڕوو کە گۆڕانکارییە جیاوازەکانی پرۆژە دەخەنە ڕوو (واتە، شوێنە جیاوازەکانی پرۆژە، شێوازە جیاوازەکانی سوودمەندبوون).
- دۆسیە ئاساییەکان: ئەمانە هەڵبژێرە بۆ تێگەیشتن لەوەی لە بارودۆخە ئاساییەکاندا چی ڕوو دەدات و بۆچی (واتە، بۆ پێدانی قووڵیەتی بۆ هەڵسەنگاندنێکی بەرفراوانتر بەبەکارهێنانی میتۆدەکانی دیکە).

لە کاتی جێبەجێکردنی توێژینەوەکانی دۆسیەی بەراوردکاریدا، دەبێت دڵنیا ببیتەوە لەوەی گۆڕاو/وێکچووی هاوبەشی پێویست هەیە تاوەکو بەراوردکارییەکی بێسوود نەکەیت.

## چەند دۆسیە؟

دەبێت ژمارەی دۆسیەکان سنوورداربێت بۆ ئەوەی بتوانیت بە قووڵی تەرکیز بکەیتە سەر تێگەیشتن لە دۆسیەکان. هەڵبژاردنەکەت پشت دەبەستێت بە جۆری ئەو نموونەوەرگرتنە کە دیاریی دەکەیت و بەوەی تا چ ڕادەیەك نیازی بەراوردکردنی دۆسیەکانت هەیە.

**نموونە:**

- تۆ بەرنامەیەکی بنیاتنانی توانا هەڵدەسەنگێنیت کە لە ناوچەکانی نێو پێنج هەرێمی جیاواز جێبەجێ کراون. دەشێت بڕیار بدەیت کە پێنج ‹دۆسیەی نوێنەرایەتیکەر› بەنموونە وەر بگریت، یەکێک لە هەر ناوچەیەکی ئاسایی هەر هەرێمێک
- تۆ پشتگیریی تەندروستیی دەروونی گشتگیر و مافەکانی مرۆڤ بۆ سوودمەندبووە زیانلێکەوتووەکان هەڵدەسەنگێنیت و دەتەوێت لێکۆڵینەوە بکەیت بۆچی هەندێک دۆسیەی سوودمەندبوو بە سەرکەوتوویی داخراون لە کاتێکدا ئەوانی تر هێشتا بە کراوەیی ماونەتەوە (واتە، لە پشتگیرییەکە دەر نەچوون). دەشێت بڕیار بدەیت دوو دۆسیەی سەرکەوتوو و دوو دۆسیەی سەرنەکەوتوو بۆ هەڵسەنگاندنەکەت هەڵبژێریت.

## پێویستە کەی دۆسیەکان هەڵبژێرم؟

پێویست ناکات هەموو دۆسیەکان ڕاستەوخۆ هەڵببژێردرێن. ڕێبازەکانی توێژینەوەی دۆسیە بە بەردەوای پەرەدەسێنن لەو کاتەدا کە تۆ کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوەی هاوکات ئەنجام دەدەیت. دەشێت دواتر لە هەڵسەنگاندنەکەدا هەندێک دۆسیە هەڵببژێردرێت کاتێک بەڵگە دەردەکەوێت، یان دواتر لە پرۆژەکەدا کاتێک هۆکارەکان ڕوونتر دەبنەوە و بیردۆزەکان گەشەیان پێ دەدرێت.

# چۆنیەتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

## کۆکردنەوەی داتا

زۆرجار وا دادەنرێت کە توێژینەوەکانی دۆسیە بە تەنها پشت بە داتای جۆریەتی دەبەستن. بەڵام سەربارەی ئەوە، دەکرێت میتۆدە چەندییەتییەکانی کۆکردنەوەی داتا بە هەمان شێوە بەکار بهێنرێت بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەی دۆسیە. بۆیە، زۆرێک لە هەڵسەنگاندنەکانی توێژینەوەی دۆسیە ڕێبازگەلی میتۆد تێکەڵ بەکار دەهێنن و پێکهاتوون لە وەسفی ورد کە لە داتای ژمارەیەک سەرچاوەی جیاواز کۆکراوە پێک هاتووە، بە بەکارهێنانی کەرەستەی جیاواز.

بە زۆربوونی سەرچاوەکان، تێگەیشتنت بۆ ئەوەی کە ڕووی داوە، چۆن ڕووی داوە و بۆچی ڕووی داوە، باشتر دەبێت. پێویستە داتای ئەم سەرچاوانە بەیەکەوە شی بکرێنەوە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنەکەت. لە کاتی دارشتنەوەی هەڵسەنگاندنەکەتدا، دەبێت چوارچێوەیەك پێك بهێنیت کە پرسە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنەکەت ببەستێتەوە بەو سەرچاوانەی (هەروەها میتۆدە داتا کۆکردنەوە پەیوەستەکان) کە پێشبینی دەکەیت وەڵامیان بدەیتەوە.

پێویستە تەکنیک و سەرچاوەکانی داتا بۆ توێژینەوەکەت وەسف بکەیت:

### نموونە:

سشیکردنەوەی توێژینەوەی دۆسیەکە لە سەرچاوەگەلی جیاوازی داتاوە دێت و ڕێبازێکی میتۆد-تێکەڵ پەیڕەو دەکات. داتای چەندیەتی لە ئامارزانی فەرمی بەردەست لە پارێزگای «س»ەوە کۆ کرابووەوە، سەرباری گشتپرسی لەگەڵ بەشداربووە نێر و مێیەکان لە ژینگەی سیاسییەکەدا. هەروەها ڕاپۆرتەکە بەڵگەی چۆنیەتی بەرفراوان بەکار دەهێنێت وەکو چاوپێکەوتنی زانیاریبەخشی سەرەکی لەگەڵ بەرپرسە سیاسی، ڕامیاری و حیزبییەکان، گفتوگۆکانی گروپی ڕامان لەگەڵ سوودمەندانی پرۆژەی «د» و بەڵگەنامە و توێژینەوە لە ئاستی پرۆژە، پارێزگا و نەتەوەییدا. توێژەران سێگۆشەزانییان بەکار هێنا پێش بڕیاردانی دەرەنجامەکان و زنجیرەیەکیان لە بەڵگە هێشتەوە.

'Practical Guide: Focus Group Discussions', Velida Dzino-Silajdzic, Catholic Relief Services, 2017
https://www.alnap.org/help-library/practical-guide-focus-group-discussions

'Designing and Conducting Focus Group Interviews', Richard A. Krueger, 2002
https://www.eiu.edu/ihec/Krueger-FocusGroupInterviews.pdf

## کەرەستەکان

ئەم کەرەستانە بە شێوەیەکی باو وەکو سەرچاوەی داتا لە هەڵسەنگاندنەکانی توێژینەوەی دۆسیە بەکار دێن:

| | |
|---|---|
| **پێداچوونەوەی بەڵگەنامە و داتا** | دەبێت کۆکردنەوەی داتا بە خوێندنەوە و شیکردنەوەی وردی بەڵگەنامە و داتا هەبووەکان سەبارەت بە دۆسیەیەک، دەست پێبکات. ئەمە زانیاری دەبەخشێت بۆ گەشەپێدانی کەرەستەکانی دیکە. سەرباری ئەوەیش، هاوشێوەی هەموو شتێک لە هەڵسەنگاندنێکی توێژینەوەی دۆسیە، پێویستە شیکردنەوە و کۆکردنەوەت بۆ بەڵگەنامەی پەیوەندیدار شتێکی بەردەوام بێت. |
| **چاوپێکەوتن و گفتوگۆکانی گروپی تێڕامان** | چاوپێکەوتن و گفتوگۆی قووڵ بە زۆری بناغەی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەی دۆسیە پێک دەهێنن. ئاسایی پێویستە ئەمانە نیمچە-پێکهێنراو بن، لەگەڵ پرسیارگەلی کراوەدا سەبارەت بە بابەتە خوازراوەکان (بەپشتبەستن بە پرسیارە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکەت).<br><br>تەماشای "سەرچاوەی زیاتر" بکە لە خوارەوە بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دارشتنی چاوپێکەوتن و گفتوگۆکانی گروپەکانی تێڕامان. |
| **چاودێرییەکان/ سەردانییەکانی پێگە** | **چاودێرییەکان یارمەتی دەدەن** زانیاری دەوڵەمەند کۆبکرێتەوە لە چۆنیەتی کارکردنی خۆتێقورتاندنێک لە واقیعدا. ئەم کەرەستانە ڕێگە بە توێژەران دەدات کە ببینن و ئەزموونی ئەوە بکەن چی ڕوو دەدات و چی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنەکانی توێژینەوەی دۆسیە. تێبینییەکانی مەیدان و دەقی ڕاستەوخۆ داتای بەسوودن بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەی دۆسیەکەت.<br><br>بۆ نموونە: دەتوانیت چاودێری دانیشتن/ڕووداوەکانی ڕاهێنان و تێبینی بەشدارییەکان، زمانی جەستە ... هتد بکەیت.<br><br>سەربارەی ئەوەیش، پێویستە سەردانیکردنەکان زۆر کورت نەبن. چاودێرییەکان پێویست بەوە دەکەن توێژەرەکە هەندێک کات لە چوارچێوەکەدا بەسەر ببات. |
| **پرسیارە کورتەکان** | دەکرێت پرسیارگەلی کورت و ڕێکخراو بەسوود بن بۆ کۆکردنەوەی داتای چەندێتیی بەئەمانجگیراو (بە لەخۆگرتنی زانیاریی دیمۆگرافی) یان ئاماری پەیوەندیدار – بە مەبەستی شیکردنەوەیان لەپاڵ داتا چۆنییەتییەکان. |
| **بەڵگەی بینراو** | بەڵگەی بینراوی وەک فۆتۆگراف، ڕوونکرانەوە (ڕەنگە لەلایەن منداڵانەوە لە ناوەندی توێژینەوەی منداڵاندا دروست کرابن) دەتوانن قووڵی بە توێژینەوەکانی دۆسیە بدەن و دەستگەیشتن بۆ خوێنەرە دەرەکییەکان زیاد بکەن. ئەمانە لەگەڵ توێژینەوە ڕوونکردنەوەییەکانی دۆسیەدا زیاتر ڕێیان تێ دەچێت کە تیایدا تۆ بە دوای ئەوەوەیت قووڵی/ڕەنگ بە زانیارییەک ببەخشیت کە لە ڕێگەی میتۆدی ترەوە کۆ کراوەتەوە. |

## تۆمارکردن و بەڕێوەبردنی داتا

توێژینەوەکانی دۆسیە لە جۆری جیاوازی داتا پێک هاتوون. گرنگە کە داتا بە شێوەیەک تۆمار بکەیت و هەڵبگریت کە ئاسانی دەکات بۆت کە شیکاری بکەیت و بەراوردکاری لە نێوان سەرچاوە جیاوازەکانی داتا، ئەنجام بدەیت. لەبەر ئەوەی توێژینەوەکانی دۆسیە زۆرجار کۆکراوەیەک لە زانیاریی کەسیی سوودمەندبووان لەخۆ دەگرن، دەبێت ئەو داتایەی کە کۆی دەکەیتەوە بە سەلامەتی هەڵبگیرێت بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتی و مافی کەسانی بەشداربوو. بۆ وردەکاری زیاتر تەماشای ڕێبازە ڕەوشتییەکان بکە.

فۆڵدەر، پەڕاوی تۆمار یان بنچینەیەکی زانیاری دیکە بۆ دۆسیەکانت دروست بکە، کە دەتوانیت دەقنووسی چاوپێکەوتنەکان، چاودێرییەکان، داتای گشتپرسییەکان و مادەکانی دیکە هەڵبگریت و گەڕان و پاڵاوتنی ئاسان بێت. کۆدکردنی داتا (تەماشای شیکردنەوەی داتا بکە) وا دەکات گەڕان و پۆڵێنکردن ئاسان بێت. پێویستە ژمارەیەک کۆپی لەو بەڵگەنامانەی کە پێیداچوویتەتەوە هەڵبگریت، لەگەڵ لیستی پوختە و کورتەی بەڵگەنامەکان.
پێویستە ئەم داتایە بە ڕوونی نیشانە بکرێت و بە ئاسانی شوێنی بکەوێت، بۆ ئەوەی کەسێکی تر بتوانێت تەماشای زانیارییەکە بکات و ببینێت چۆن گەیشتوویت بە دەرەنجامەکانت. بنیاتنانی «زنجیرەیەک لە بەڵگە“ بەم ڕێگایە جێ متمانەیی توێژینەوەی دۆسیەکەت زیاتر دەکات.

ئەگەر گونجا، دەبێت هەموو چاوپێکەوتنەکان و وتووێژەکانی گرووپی تیشکلەسەر بنووسرێتەوە، چونکە ئەم کارە ڕەوایەتیی بەڵگەکان بەهێز

# چۆنیەتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

## شیکردنەوەی داتا

### پەرەپێدانی بیردۆزەکان

جیاواز لە هەندێک ڕێبازەکانی دیکەی هەڵسەنگاندن، شیکردنەوەی داتا بۆ هەڵسەنگاندنێکی توێژینەوەی دۆسیە شتێکی بەردەوامە و لە هەمان کاتی کۆکردنەوەی داتا دەست پێ دەکات.

لە لێکۆڵینەوەی توێژینەوەی دۆسیە، کۆکەرەوەی داتا، شیکەرەوە و نووسەری ڕاپۆرت زۆرجار هەمان کەسن یان هەمان دەستی بچوکی خەڵکین. بە شێوەیەکی سروشتی، کاتێک تۆ دەست بە کۆکردنەوەی داتا دەکەیت (خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان یان چاوپێکەوتنی سەرچاوەکان) دەست دەکەیت بە پەرەپێدانی بیردۆزی تایبەت بە خۆت و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە.

بۆ نموونە دەکرێت تێبینی ئەوە بکەیت کە هەمان هۆکار لەلایەن چاوپێکوتراوی جیاوازەوە بە شتێکی گرنگ باس کراوە – بەو جۆرە، بابەت یان چەشنەکان دێنە ئاراوە. دەبێت ئەم بیردۆزە پەرەپێدراوانە لە هەر قۆناغێکدا بە بەڵگەنامەیی بکرێت (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ڕەچاوی ڕوونکردنەوە جێگرەوەکان بکە).

## تەکنیکەکانی بەیەکگەیاندنی چەشنەکان

بەیەکگەیاندنی چەشنەکان بەراوردکردنی چەشنی ‹پێشبینیکراو› یان چاوەڕوانکراوی ڕووداوەکان لەخۆ دەگرێت، وەکو ئەوەی کە لە بیردۆزی گۆڕانی تایبەت بە دەستێوەردانێک وەسف کراوە، کە چەشنەکانی تێدایە کە لە توێژینەوەی دۆسیەکانتەوە دەردەچن. تۆ دەپرسیت: ئایە ئەوەی پێشبینی ڕوودانی دەکەین بەڕاستی ڕوو دەدات یان نا؟

لەگەڵ بەردەوامبوونی توێژینەوەکەت، دەشێت هەوڵی ئەوە بدەیت کە ئەو چەشنانەی کە لە کۆکراوەی سەرەتایی داتاکانتەوە دەرکەوتوون، لەگەڵ ئەوانەی کە دواتر ئاشکرا دەکرێن بەیەک بگەیەنیت. ئەگەر ئەم چەشنانە یەکتری پاتە دەکەنەوە، ئەوا ڕەوایەتیی توێژینەوەکەت بەهێزتر دەبێت.

## بەکۆدکردن ( بە هێما کردن)

‹بەکۆدکردن› هۆرێگایەکی نیشانەکردن و پۆلێنکردنی بابەتەکانە کە لەگەڵ شیکردنەوەی داتاکانت بەدەر دەکەون. دروستکردنی کۆد بۆ حاڵەتی باو لە داتاکاندا وا دەکات گەڕان و ناساندنەوەی ئەم بابەتانە لە بنچینەی زانیارییەکەتدا ئاسان بێت.

- دەشێت کۆد دروست بکەیت بۆ پۆلێنکردنی وەڵامدانەوەی هاوشێوەی چاوپێکەوتنەکان یان بابەتی باو کە لە وەڵامدانەوەکاندا دەر دەکەون
- دەشێت، لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەڵگەنامەی پرۆژەکەوە، تێبینی ئەوە بکەیت کە کێشە/بەرەنگاریی لە جۆرێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی باو ڕوو دەدەن و، کۆدێک دروست بکە بۆ پۆلێنکردنی ئەمانە بۆ ئەوەی بتوانیت بیانژمێریت یان بیانناسیتەوە لە شیکردنەوەی لەپاشتری داتاکان

دەکرێت بەکۆدکردن بە دەست یان لە ڕێگەی گورزەی نەرمەکاڵاکانەوە بکرێت. بۆ مەبەستەکانی هەڵسەنگاندنی خۆت (مەگەر توێژینەوەیەکی ئاست-گەورە بە ژمارەیەک دۆسیەوە ئەنجام بدەیت) دەکرێت بەکۆدکردنی دەستی کردارەکی/دابینکراوتر بێت و هەروەها یارمەتیدەر دەبێت تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ داتاکە پەرە پێ بدرێت.

بەکۆدکردن لە کاتی ئەنجامدانی کۆکردنەوەی داتا، پرۆسەیەکی بەردەوامە. ئەگەر لە توێژینەوەی دۆسیەکەت بە قۆناغی جیاواز داتا کۆ دەکەیەتەوە، دەتوانیت کۆدەکان لە یەکەم قۆناغی کۆکردنەوەی داتا پەرە پێ بدەیت کە لە قۆناغەکانی دواتردا جێبەجێیان دەکەیت.

### نموونە لە بەکۆدکردنی وەڵامدانەوەکان:

گەواهیدانی ئەرێنی بۆ گۆڕان لە بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکەوە

هەموو گفتوگۆکانی گروپی ڕامان ڕۆشناییان خستە سەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە وەکو بەشێک لە بیردۆزی گۆڕان:

(١) ناوەندەکە جێگایەکی سەلامەتیی جەستەیی و سۆزیی دەنوێنێت

(٢) کارمەندەکان بەڕێز و یارمەتیدەر دەبن و ‹وەک خێزان› دەبن

(٣) سەرقاڵبوونیان یارمەتییانی داوە بیرەوەرییە ئەنگاوتەییەکانی ڕابردوو لەبیر بکەن

(٤) ناوەندەکە پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێو کۆمەڵگەکەدا لەباوەش دەگرت، شوێنێکی بۆ ئافرەت دابین دەکرد کە لە دەرەوەی ماڵ پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست بکات

(٥) هەستی بەهێزبوون پەیوەندی بە توانای خوێندنەوە و نووسینەوە هەبوو

*[Extract: 'Collective Trauma among displaced populations in Northern Iraq: A case study evaluating the therapeutic interventions of the Free Yezidi Foundation', 2020]*

# چۆنیەتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

## کۆکردنەوەی داتا

### سێکونج بەندی

سێکونج بەندی» واتا تێکەڵکردنی جۆرە جیاوازەکانی داتا لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە (واتە تاوتوێکردنی ڕاپرسییەکی کورت، گفتوگۆکانی گروپی تێڕامان ، داتای چاودێری و بەبەڵگەکردن بەیەکەوە). ئەم پرۆسەیە ڕوانگە جیاوازەکان بەرهەمدەهێنێت کە دەتوانێت شیکردنەوەکانت بەهێز بکات و تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی دۆسیەیەك قووڵ بکاتەوە. سێکونج بەندی ڕەوایەتی دەرەنجامەکانیشت بەهێز دەکات و یارمەتی زاڵبوون بەسەر هەندێک شێوەی لایەنگریدا دەدات.

ئەگەر سەرچاوە جیاوازەکانی داتا دەرەنجامی هاوشێوە بەرهەم بهێنن (بۆ نموونە، دەرەنجامی هاوشێوە لە چاوپێکەوتن، تێبینی توێژەران و بەڵگە بەڵگەنامەییەکان) ئەو کاتە دەتوانیت دڵنیا بیبتەوە لە پشتبەستن بە تیۆرییەکانی خۆت و وەڵامەکانی پرسیارە کلیلەکانی هەڵسەنگاندنەکە.

هەروەها ڕەنگە سێکونج بەندی ئەو ناوچانەیش دیاری بکات کە پێویستی بە کۆکردنەوەی داتا یان شیکردنەوەی زیاتر هەیە. بۆ نموونە، ڕەنگە سەرچاوە جیاوازەکان دەرەنجامی جیاواز سەبارەت بەهەمان بابەت یان ڕووداو بەرهەم بهێنن. هەڵگرتنی داتابەیسێکی ڕوون و بەردەست یارمەتیت دەدات بۆ گەڕانەوەت بۆ داتای خاو بۆ بینینی چۆنێتی گەیشتن بە دەرەنجامەکان یان پێدانی چەند بیرۆکەیەك کە لە کوێ بتوانیت زانیاریی زیاتر بەدەست بێنیت لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتای زیاترەوە.

هەروەها دەتوانی ‹سێکونج بەندی›یش بکەیت لە نێوان کۆکەرەوەکانی داتا جیاوازەکان لە تیمەکەتدا، ڕوانگە جیاوازەکان لە نموونەکان یان ڕووداوەکاندا تاقی بکەیتەوە. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی دەرەنجامەکان یان بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی زیاتر لەوەی کە ڕوودەدات و بۆچی ڕوودەدات. هەروەها پرۆسەکە لەوانەیە ئاگادارت بکات لە کێشەکانی لایەنگری و دڵنیایی جۆری.

شێوەی تێکەڵبوونی سەرچاوە جیاوازەکانی داتا، بە پشتڕاستکردنەوە یان دژیەکبوون، دەبێت ببێتە هۆی بەخشینی وێنەیەکی دەوڵەمەندتر و ‹دروست›ی کەیسەکەت. لەکاتی دیاریکردن و دیزاینکردنی ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەکەتدا، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەیت کە چۆن ئامرازە جیاوازەکان تەواوکەری یەکتر دەبن و پلانێکت هەبێت بۆ ئەوەی چۆن تێکەڵ بکرێن. پرۆسەی بەکۆدکردنی داتا، وەک لەسەرەوە ڕوون کراوەتەوە، هەروەها یارمەتیت دەدات لە بەراوردکردنی نێوان سەرچاوە جیاوازەکانی داتا و دەستنیشانکردنی ڕووکارەکان لە لێکۆڵینەوەکەتدا.

سەرچاوەی زیاتر بۆ سێکونج بەندی

'How to combine multiple research methods: Practical Triangulation', Patrick Kennedy, (2009). http://johnnyholland.org/2009/08/practical-triangulation/

### شیکردنەوەی دۆسیە یەکتربڕەکان

تۆ لەوانەیە زیاتر لە یەک توێژینەوەی دۆسیەت بۆ تاوتوێکردن هەڵبژاردبێت بۆ هەڵسەنگاندنەکەت (بڕوانە چەند دۆسیە؟ و میتۆدەکانی نموونە وەرگرتن) بۆ مەبەستی بەراوردکردنی دۆسیەکان (بۆ نموونە تاوتوێکردنی باشترین/خراپترین حاڵەت، حاڵەتە توندەکان، دۆسیەکانی نوێنەر و هتد). ئەم پرۆسەیەش دەرەنجامەکانت و، هەروەها ڕەوایەتی دۆزراوەکانیشت بەهێز دەکات.

گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەر دۆسیەیەك پێویستە سەرەتا وەک توێژینەوەیەکی جیا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، پێش ئەوەی شیکردنەوەی دۆسیە یەکتربڕەکان تاوتوێ بکرێت.

شیکردنەوەی دۆسیە یەکتربڕەکان بەگشتی پیشاندەری خشتەکانە بۆ ڕێکخستنی داتای پەیوەندیدار و تایبەتمەندیەکانی دۆسیە شان بە شانی یەکتر، کە لەلایەن دەرەنجامەکانی داتای پەیوەندیدار/پرسیارەکانی لیکۆڵینەوەوە ڕیکدەخرێن.
پاشان دەتوانیت بۆ ئاسانتر کردنی شیکردنەوەکەت، ئەنجامەکانت بە خشتە جیا بکەیتەوە و دەرەنجامێك دابڕێژیتەوە. پرۆسەی بەکۆدکردن، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە وەڵامدانەوە/بابەتەکان پۆلێن دەکرێن، لەم پرۆسەیەدا یارمەتیت دەدات. لە خوارەوە نموونەیەکە بۆ چۆنێتی ڕێکخستنی دۆسیەکان لە خشتەیەکدا (بۆ نموونە بۆ سوودلێکەرانی دەستێوەردانی تاک MHPSS لە سەنتەرێکی تایبەت):

نموونە:

| باردۆخی دۆسیە | ژێدەرە بنیاتنراوەکان | بەرەنجامە کلیلییەکان | پشتگیرییە دابینکراوەکان | پێداویستییە دەستنیشانکراوەکان | بەروارەکانی ناو پرۆگرام | زانیاری دیۆگرافی | دۆسیە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کراوەیە | "" | "" | "" | " " | 05/19- | نێر،35 | أ |
| داخراوە | "" | "" | "" | "" | 08/18-09/20 | مێ، 28 | ب |
| داخراوە | "" | "" | "" | "" | 02/20-10-20 | نێر، 48 | ج |

سەرچاوەی زیاتر بۆ بەراوردکردنی توێژینەوەکانی دۆسیە:

Comparative Case Studies, Methodological Briefs Impact Evaluation No.9, Delwyn Goodrick, UNICEF, 2014

# چۆنیەتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

## کۆکردنەوەی داتا

### ڕەچاوی ڕوونکردنەوە جێگرەوەکان بکە

هەروەک لەبەشەکەشدا دەرمانخستووە، توێژینەوەکانی دۆسیە شی دەکرێنەوە بە بەکارهێنانی سەرچاوە جیاوازەکانی داتا بۆ درووستکردن و هاوتاکردنی تیۆرییەکان سەبارەت بە چۆنێتیی کارکردن و هۆکاری دەستتێوەردانێك. ئەمەیش لە ڕێگەی پرۆسەیەکی بەکۆدکردنی پەیتاپەیتا (دەستنیشانکردنی بابەت و مۆدێلەکان)، سێکونج بەندی (زیادکردنی جێباوەڕی بە بەکارهێنانی سەرچاوە جیاوازەکان) و شیکردنەوەی دۆسیە یەکتربڕەکان.

هەرچەندە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی تۆ تاوتوێی نموونە تایبەتمەندەکان دەکەیت و، ئەوانەی کە گەورە نین یان لە ڕووی ئامارییەوە کۆمەڵە داتایەکی نوێنەرایەتین، زۆر گرنگە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕوونکردنەوە جیاوازانەی کە تێبینییان دەکەیت، تیۆرییە بنیاتنراوەکانی خۆت بخەیتە ئاڵەنگارییەوە.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دۆسیە ئەوەیە کە دەرفەتت بۆ دەڕەخسێنێت خەمڵاندن بۆ چەند فاکتەرێکی زەمینەیی دیکە بکەیت کە چۆن بەشداری لە سەرکەوتن یان شکستی دەستتێوەردانێکدا دەکەن - هەروەها بە وردی ئەو شێوازە دیاریکراوەی کە چالاکییەکانی پرۆژەکەت لە کاردان ببزوێنە و هەر لێکەوتێکی نەخوازراو دەستنیشان بکە.
بە تاوتوێکردن و ڕەتکردنەوەی گریمانەیی ڕونکردنەوە جێگرەوەکان، دەتوانیت متمانە لە دەرەنجامەکانتدا زیاد بکەیت. پێویستە لە شیکردنەوەکانتدا ئەوە نیشان بدەی کە کارێکی وات ئەنجام داوە.بۆ نموونە ئەگەر دەرەنجامەکانت ئەوە بن کە پرۆژەی ( Z ) ڕاستەوخۆ یارمەتیی زیادکردنی بەشداریی سیاسیی مێینەی داوە لە پارێزگای ( X )دا ، دەبێت بە دوای ڕوونکردنەوەی جێگرەوەدا بگەڕێیت (بۆ نموونە بەشداریی سیاسی بۆ هەموو لایەک باشتر بووە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پرۆژەی Z لە ئەنجامی یاسادانانی نوێ، هتد).

## ڕێبازە ئەخلاقییەکان

دەبێت هەڵسەنگاندنی پرۆژەی گەشەپێدان ڕەچاوی مەترسیيە شیمانەییەکان بکات. لەبەر ئەوەی بە گشتی توێژینەوەکانی دۆسیە بە چڕی مەشقی کەسی و کردەیین، لە هەر قۆناغێکی پەرەپێدانی توێژینەوەی دۆسیەدا، چەند سەرنجێکی ئەخلاقی و ئازار-پێنەگەیاندن هەیە کە دەبێت ڕەچاوی بکەیت. بە تایبەتی پاراستنی تایبەتمەندیی کەسی و مافەکانی ئەو کەسانەی کە بەشداربوون زۆر گرنگە. گرنگترین پرس ئەوەیە کە ڕەنگە ئاستی شیکردنەوەی داواکراو بۆ دەربڕین و پیشاندانی دەوڵەمەندیی دۆسیەکان دۆسیە و بەشداربووانی ناو کەیسەکە بناسێنرێن. هەر لەبەر ئەمەیش، دەبێت ئەم پرسە بە ڕوونی لەگەڵ ئەوانەی کە بەشداربوون باس بکرێت و دانوستانی لەسەر بکرێت.

لە کاتی ئامادەکاری بۆ کۆکردنەوەی داتا یان ئاسانکارییەکانی ڕاهێنان، پێویستە بەڕێوەبەرانی هەڵسەنگاندن ڕوونکردنەوەیە لە بارەی ئەو ڕێوشوێنانەوە بدەن کە هەڵسەنگێنەر بەکاری دەهێنێت بۆ پاراستنی بابەتە مرۆڤایەتییەکان. لە زەمینەی ململانێدا ، پێویستە گرنگی تایبەت بە پێکهاتنی تیمی هەڵسەنگاندن بدرێت ، دڵنیابوون لەوەی کە خودی ئەو تیمە خاوەنی مەعریفەیەکی زەمینەیی قووڵن و دەتوانن دەست بۆ لایەنە جیاوازەکانی ململانێکە ببەن. لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاری هەرە باوەڕپێکراو و دروستدا، پێویستە تەکنیکەکانی کۆکردنەوەی داتاکان ڕەچاوی سەلامەتیی توێژەر و گرووپی ئامانج بکەن. دەبێت ڕوانگە بەئاگاکانی تراوما ڕەچاو بکرێن. لە کۆتاییدا، لەکاتی نووسینەوەی توێژینەوەکانی دۆسیەدا، ڕەنگە بۆ پاراستنی نهێنی بەشداربووان بەکارهێنانی ناوی خوازراو پێویست بێت. ئەو وردەکاریانەی کە پێویست نین بۆ تێگەیشتن لە کەیسەکە لەوانەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێت و تێبینیەکی ڕوونکراوە کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە بۆ ئاماژەدان بەوەی کە ئەمە کراوە بۆ پاراستنی ناسنامەی بەشداربووان.

# چۆنیەتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

## ڕاپۆرت نووسین

بە گشتی، ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنەکانی توێژینەوەی دۆسیەکەت دەبێت پێکهاتەیەك بێت لە:

**لێکدانەوەی ڕووداوەکان و دۆزراوەکان + 'ئەستوور' شرۆڤەی و اقعی**

پێکهاتەی دەقیق پشت دەبەستێت بەو جۆری توێژینەوەی دۆسیەیە کە تۆ هەڵتبژاردووە و هەروەها بەوەی کە ئایا توێژینەوەکان بەشێکن لە هەڵسەنگاندنێکی فراوانتر (بۆ نموونە، ئایا تۆ بۆ مەبەستی وێنەیی بەکاری دەهێنیت یا نا) یان پەیوەستە بە خودی میتۆدە سەرەکییەکەوە.

## ڕێبەریی پێکهاتەی ڕاپۆرت

هیچ ڕێگایەکی دیاریکراو نییە بۆ ڕێکخستنی ڕاپۆرتەکەت و، توێژینەوەی دۆسیە دەکەوێتە سەر گونجاندن. بەهەرحاڵ، لەوانەیە ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە وەک ڕێبەرییەک خزمەت بکات بۆ هەڵبژاردنی پێکهاتە جیاوازەکان و هەندێک بیرۆکەت پێبدات کە چی بۆ ئامانجەکانت دەگونجێت:

**پێشەکی & کورتەی بابەتە گرنگەکان**

کورتە پێشەکییەک دابین بکە کە بە کورتی دەقەکە و دۆزینەوە گرنگەکانی ڕاپۆرتەکە دیاری دەکات.

**هەڵسەنگاندنی ئامانجەکان & پرسیارەکان**

بە ڕوونی مەبەستی هەڵسەنگاندنەکەت و ئەوەی کە ئامانجت داناوە بەدەستی بهێنیت هەروەها پرسیارە گرنگەکانی هەڵسەنگاندن کە پەرەت پێداون دیاری بکە.

**میتۆدۆلۆجی**

- پاساوی ئەوە بهێنەرەوە کە بۆچی ڕێگای توێژینەوەی دۆخ بەکاردەهێنیت
- بە ڕوونی ئەو باس لە جۆری ئەو توێژینەوەی دۆخە بکە کە بەکاری دەهێنیت و پاساوی بۆ بهێنەرەوە
- یەکەی شیکردنەوەت پێناسە بکە هەروەها ئەوەش کە چۆن یەکەکان هەڵبژێردراون (سامپڵ کردن ببینە)
- ماوەی پێچووی توێژینەوەکە دیاری بکە (و لەگەڵ کۆی گشتیی پرۆژەکەدا بیکەرە دەقەوە)
- باسی ئامراز و شێوازی بەکارهێنراو بکە
- زانیاری لەبارەی پرۆسەکەوە دابین بکە (هەڵسەنگێنەرەکان کێ بوون، چۆن ڕاهێنانیان پێکرابوو و سەرپەرشتی کرابوون)
- زانیاری لەبارەی چۆنییەتی و شوێنی خەزێنەکردنی زانیاری دابین بکە (تۆمارکردنی داتا ببینە). لەوانەیە هەندێک داتا لە پاشکۆ دابین بکرێن (واتە ڕوونووسەکان)
- شێوازەکانی شیکردنەوەی داتا باس بکە
- گفتوگۆی بەرەنگاری و سنووردارییەکان بکە

**بەشی سەرەکیی ڕاپۆرتەکە**

ڕێگای جیاواز هەیە بۆ ڕێکخستنی بەشی سەرەکیی ڕاپۆرتەکەت. ئەگەر ژمارەیەک کەیس بەکاردەهێنیت و شیکردنەوەی بەراوردکردنی کەیس ئەنجام دەدەیت، وا باشە ڕاپۆرتەکەت لەدەوری بابەتە گرنگە دەستنیشانکراوەکان و پرسیارە گرنگەکانی هەڵسەنگاندن ڕێکبخەیت.

پێویستە بە ئاگاداری ڕەچاوی جۆری توێژینەوەی دۆخەکە بکەیت کە هەڵتبژاردووە و ئەوەی کە چی شیاوە. بۆ نمونە، دەکرێت ڕاپۆرتی ڕوونکردنەوەی توێژینەوەی دۆخ بەمەبەستی شیکردنەوە بەسەر سێ بەشی فراواندا دابەش بکرێت:

١. دەقی دیاریکراوی پرۆژەکە واتە پێویستی/کێشەی گروپە دیاریکراوەکان، باکگراوندی کەیسەکان
٢. پرۆژەکە و چۆن لەو دەقانەدا جێبەجێ دەکرێت کە لێی دەکۆڵێتەوە (سروشت، مەودا، وردەکاری)
٣. ئەنجامەکانی دەستتێوەردانەکە، وەڵامی کەیسەکان بۆی و هۆکارەکانی دیکەش

**دەرەنجام**

دەرەنجامی ڕوون دەستەبەر بکە، ئەو بەڵگانەی کە دابینکراون ببەستەرەوە بە بەشی سەرەکیی ڕاپۆرتەکە و کەیسەکانتەوە. لەوە دڵنیاببەرەوە کە لە ڕوونکردنەوە جێگرەوەکان دەکۆڵیتەوە و بە باشترین توانات بایەخیان پێ دەدەیت.

**پاشکۆکان: باس کردنی کەیسەکان**

دکورتەی تەواوەتیی هەموو کەیسەکان دابین بکە کە لە هەڵسەنگاندنەکەتدا بەکارتهێناوە، کە خوێنەر بتوانێت لەکاتی خوێندنەوەی بەشی سەرەکیی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێبکات.
پێویستە ئەمانە توێژینەوەی دۆخی سەربەخۆبن کە ئەوە نیشان دەدات بە تایبەت لێکۆڵینەوەت لەهەموو کەیسەکان کردووە و گەشتویت بە ئەنجام پێش بەراوردکردن.

**پاشکۆکان: داتای خاو، ئامرازەکان ،لیستی سەرچاوەکان**

لەکاتی گونجاو/پەیوەندیداردا، دەتوانیت کۆپیی داتاکانت (واتە نوسراوی چاوپێکەوتنەکان، تێبینییەکان)، نمونەی ئامرازی بەکارهێنراو، و لیستی ئەو بەڵگەنامانەی لەماوەی هەڵسەنگاندنەکەدا پیاچوونەوەیان بۆکراوە بخەیتەڕوو.

## ئاڕاستەکردنی «چیرۆکبێژەکەی» ناخت – و چۆن توێژینەوەی دۆخ قایلکەرتر بکەیت

چیرۆکێکی باش پێکەوەنراو دەتوانێت بیرۆکەی بەرهەست و ئاڵۆز بە ڕێگایەک بگەیەنێت کە دڵنیابێتەوە توێژینەوەی دۆخەکەت بۆ خوێنەرانی دەرەوەش بەردەستە:

- لە خوێنەر تێبگە – خوێنەرانی توێژینەوەی دۆخەکەت دیاری بکە. وا بۆی دەچیت کە چی دەزانن، و پێویستە چی شی بکرێتەوە؟
- گرنگترین زانیاری» دیاری بکە – لەخۆت بپرسە کە دەتەوێت چ نامەیەکی گرنگ بگەیەنیت و ئەمە بە ڕوونی شرۆڤە بکە (لە کورتە/پێشەکیی کردەییدا)
- دۆزینەوەکانی کەیسەکانت پێشکەش بکە – دەبێت بەلایەنی کەمەوە توێژینەوەی دۆسیە وردەکاری لەسەر زانیاریی باکگراوند (بابەتێک بخاتەڕوو کە باسی لێوەدەکرێت)، چیرۆکی کەیسەکە (لەو ماوەدا چی ڕوویداوە)، گۆڕانکاری و ئەنجامەکان و ئەو وانانەی کە لێوەی فێربووین بخاتەڕوو. تاکو وابکەیت توێژینەوەی دۆخ قایلکەر بکەیت، چەند ستراتیجییەکی پێشکەشکردن هەیە کە دەتوانیت هەڵیانبژێریت:
  - **مێژووی سروشتی** – پێشکەشکردنێکی کەیسەکان بەپێی کاتی ڕوودان، هاوشێوەی گێڕانەوەی چیرۆک
  - **حاڵەتی گرنگ** – ڕاپۆرتەکە لە دەوری تاکە ڕووداوێک بنیادەنرێت کە نامەی هەڵسەنگێنەری ڕاپۆرتەکە لەخۆدەگرێت
  - **بابەتی** – ڕاپۆرتەکە لە دەوری بابەتی گرنگ ڕێکخراوە کە لە توێژینەوەی دۆخەکەوە دەرکەوتوون
  - **لەناو و لەنێوان** – ئەمە بۆ باسکردن لە چەند توێژینەوەیەکی دۆخ بەکاردێت. پێویستە ڕاپۆرتەکە کورتەی توێژینەوەی دۆخەکان (‹لەناو›) لەگەڵ ئەنجامی شیکردنەوەی بەراوردکردنی کەیسەکان (‹ لەنێوان›) لەخۆبگرێت
- چیرۆکەکە باشتر بکە – باسکردن بەکاربهێنە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە، وەرگرتنی وتە بەکاربهێنە بۆ تۆمارکردنی ساتە بەماناکان، وێنە بەکاربهێنە بۆ دەربڕینی هەست و گۆڕانکارییەکان
- توێژینەوەی دۆخەکە تاقی بکەرەوە – پرسیار لە کەسێک بکە کە لە پڕۆژەکەدا بەشدار نییە تا بڵێن لە چ نامەیەکی گرنگی ڕەشنووسی توێژینەوەی دۆخەکە تێدەگەن. ئەگەر ئەوەی کە باسی دەکەن لەگەڵ پلانەکەت یەک ناگرێتەوە، ئەوکاتە لەوانەیە پێویستت بەوەبێت ڕەشنووسەکە چاک بکەیت

# چۆنیەتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی دۆسیە لە هەڵسەنگاندندا

## ڕاپۆرت نووسین

### پاراستنی داتا & شیکردنەوە

لە نووسینی توێژینەوەی دۆخەکانتدا و لە پێشکەشکردنی بیردۆز و شیکردنەوەکانتدا، گرنگە لەوە دڵنیاببیتەوە کە ڕاپۆرتەکەت بەردەست بێت و بتوانرێت بخوێندرێتەوە.

ئەوەت لەبیربێت کە یەکێک لە گرنگترین سوودەکانی توێژینەوەی دۆخ ئەوەیە کە دەق و ڕەنگ دەبەخشێت بە هەڵسەنگاندنی پرۆژە. لەکاتێکدا توێژینەوەی دۆخ لە وردەکاریدا دەوڵەمەندە، نابێت بڕێکی زۆری نووسین بێت:

- خشتەی پوختەکردنەکان و هێڵکاری بەکاربهێنە بۆ نیشاندانی بەشە گرنگەکانی کەیسەکان
- وەرگرتنی وتەی ڕاستەوخۆ بەکاربهێنە بۆ ڕێگەدان بە بەشداربووانی کەیسەکان تاکو خۆیان بدوێن
- لەو شوێنانەدا کە دەکرێت و گونجاوە بەڵگەی بینراو بەکاربهێنە (واتە وێنەی فۆتۆگرافی لە ئامرازەکانی تێبینیکردنەوە، نمونەکانی ماددەی ڕاهێنان/ ڕووداوەکان هتد.)

پێویستە ڕاپۆرتەکەت چیرۆکێک بێت کە ڕێگا بە خوێنەر بدات لەوە تێبگات چۆن و بۆچی گەیشتویت بە دەرەنجامەکەت – و هەروەها لە دیدگا جێگرەوەکانیش بکۆڵێتەوە.

## لیستەی پشکنینی کوالێتی

وەرگیراوە لە: ‹تێبینیی تەکنیکی لەبارەی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دۆخ›، USAID، ٢٠١٣ (بە زیادکردنەوە)

| پرسیار | |
|---|---|
| ئایا بە ڕوونی باس لە ئامانجەکان و پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە کراوە؟ | ☑ |
| ئایا پاساوهێنانەوەی ڕوون هەیە کە بۆچی شێوازی توێژینەوەی دۆسیەکە هەڵبژێردراوە؟ | ☑ |
| ئایا ئەو جۆری تۆژینەوەی حاڵەتانەی کە هەڵبژێردراون بە ڕوونی لەگەڵ یەکەی شیکردنەوەکان پێناسەکراون؟ | ☑ |
| ئایا پاساو هەیە بۆ ژمارەی کەیسی هەڵبژێردراو و سامپڵ کردنەکان؟ | ☑ |
| ئایا دەق دەستێوەردان و هەڵسەنگاندن بە ڕوونی باس کراون؟ | ☑ |
| ئایا شێوازەکانی داتا کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا بە ڕوونی باس کراون؟ | ☑ |
| ئایا بەرەنگاری و سنووردارییەکان گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە (لەگەڵ ئەگەری هەبوونی لایەنگری)؟ | ☑ |
| ئایا لە دەرەنجامەکەدا لێکۆڵینەوە لە ڕوونکردنەوە جێگرەوەکان کراوە؟ | ☑ |

## نمونەی توێژینەوەی دۆسیە

1.

**تراوما شۆکی دانیشتوانی هەڵهاتووی باکووری عێراق: توێژینەوەیەکی حاڵەت کە دەستێوەردانی چارەسەری دەروونیی ڕێکخراوی یەزیدیی ئازاد هەڵدەسەنگێنێت، ٢٠١٩**

ئەم توێژینەوەی دۆسیەیە تیشک دەخاتە سەر دەستێوەردانە دیاریکراوەکانی ڕێکخراوی یەزیدیی ئازاد لە هەرێمی کوردستانی عێراق وەک یەکەی شیکارییان. داتای بەبڕ لە پرسیار و پێوانەوە بەکاردەهێنێت، لەگەڵ داتای پەیوەندیدار بەراوردکردن لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆی گرووپیی تیشکۆکردنەوە.
ڕاپۆرتەکە لەدەوری بابەتی گرنگ پێکهاتووە کە لە سەرچاوەی داتای جیاوازەوە دەردەکەون و بە چڕی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ وتە بەکاردەهێنێت. پێشنیاری پشتگیریی زیاتری تەندروستیی دەروونی و کاری کۆمەڵایەتیی دەروونی دەکات لە باکووری عێراق.

https://www.interventionjournal.org/downloadpdf.asp?issn=1571-8883;year=2019;volume=17;issue=1;spage=3;epage=12;aulast=Womersley;type=2

2.

**نمونەی توێژینەوەی دۆسیە: پرۆگرامی سیێرا گۆڵدن، ٢٠٠٢**

ئەم توێژینەوەی دۆسیەیە وەک یەکەی شیکردنەوە تیشک دەخاتە سەر سوودوەرگرتووەکان (سەربازی منداڵ)، بەمەبەست هەڵبژێردراوە وەک نمونەی سەرکەوتوو. ئەو شێوازانەی کە هەڵبژێردراون بە نزیکەیی هەموویان بەراوردکارن، کە لە دەوری چاوپێکەوتنی قوڵ دەسوورێنەوە لەگەڵ خاوەن پشکەکان و سوودوەرگرتووەکان خۆیاندا. توێژینەوەی دۆسیەکە یەکێکە لەو چوار دانەیەی کە لە توێژینەوەیەکدا بەکارهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی پرۆژەی گەڕان بە دوای بناغە هاوبەشەکاندا ی ستۆدیۆی (تاکینگ درەم) لە سیرالیۆن.

زانیاری بەپێی سەرچاوە ڕێکخراوە، بە کۆمەڵێک وەرگرتنی ڕاستەوخۆی وتەوە کە یارمەتیی وێناکردنی چیرۆکەکە دەدات. توێژینەوەی دۆسیەکە لە ڕووی بەکارهێنانی شێوازەوە لە نمونەکانی دیکە کەمتر توندە. بەهەرحاڵ، بە بەکارهێنان لەگەڵ شێوازەکانی دیکە، نمونەیەکی وێناکار دابین دەکات لەوەی کە پرۆژەکە بە کرداری چۆن کاری کردووە.

ئەم توێژینەوەی دۆسیەیە وەرگیراوە لە ‹پرۆگرامەکانی چاودێری کردن، هەڵسەنگاندن & فێربوون بۆ وڵاتانی ژێر مەترسی & بەرقەرارکردنی ئاشتی: ئامرازی کردەیی بۆ بەرەوپێش بردنی ئاستی پرۆگرام و ئەنجام›. (کاریگەریی کۆمەڵایەتی). لاپەڕەکانی ٤٤-٤٧

3.

**کۆمەڵێک نمونە، ‹هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دۆخ›، بانکی جیهانی**

ئەم پەیپەرەی مۆرا & فرێندلاندەر کۆمەڵێک نمونەی توێژینەوەی دۆخ لە توێژینەوەکانی بانکی جیهانییەوە دەستەبەر دەکات، بە کۆمەڵێک جۆری جیاوازی کەیسەوە. ستراتیجیی سامپڵ وەرگرتن و شێوزی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا بە ڕوونی نووسراون و بەسوودن بۆ نمونەی ڕاپۆرت نووسین و ڕەچاوکردنی ئەوەی کە چ جۆرە توێژینەوەیەکی دۆخ لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکەتدا دەگونجێت.

**Adolphus, M. (n.d.)** How to...undertake case study research. Retrived from: https://www.emeraldgrouppublishing.com/archived/research/guides/methods/case_study.htm

**Africa Soil Health Consortium.** (2013). How to...write a good case study or success story. http://africasoilhealth.cabi.org

**Balbach, E.** (1999). Using Case Studies to do Program Evaluation

**Department for International Development.** (2014). Evaluating Impacts of Peacebuilding Interventions: Approaches and methods, challenges and considerations.

**Greenaway, L. (n.d.).** How to tell a 'good' story – a practical method for co-creating case study (Feb 2017) – Evaluation and Professional Development Services. Evaluation and Professional Development Services. http://new.evaluationservices.co.uk/how-to-tell-a-good-story-a-practical-method-for-co-creating-case-study/

**Hayes, R., Kyer, B. & Webber, E.** (2015). The Case Study Cookbook. https://web.wpi.edu/Pubs/E-project/Available/E-project-121615-164731/unrestricted/USPTO_CookbookFinal.pdf

**Mansur, S.** (2015, April 2). Digital Storytelling for Social Impact. The Rockefeller Foundation. https://www.rockefellerfoundation.org/blog/digital-storytelling-social-impact/

**Morra, L.G. and Friedlander, A.C. (n.d.).** Case Study Evaluations, The World Bank Group. https://ieg.worldbankgroup.org/Data/reports/oed_wp1.pdf

**Social Impact. (n.d.).** Monitoring, Evaluation and Learning For Fragile States and Peacebuilding Programs: Practical Tools for Improving Program Performance and Results

**Stake, R. E.** (1995). The art of case study research. SAGE Publications.
UNICEF. (n.d.). Methodological Briefs Impact Evaluation No.9: Comparative Case Studies

**US General Accounting Office.** (1990). Case Study Evaluations. http://www.gao.gov/special.pubs/10_1_9.pdf

**USAID.** (2013). Technical Note on Evaluative Case Studies.

**Womersley & Arikut-Treece.** (2019). Collective trauma among displaced populations in Northern Iraq: A case study evaluating the therapeutic interventions of the Free Yezidi Foundation

**Yin, R. K. (2009).** Case study research: Design and methods (4th Ed.). Thousand Oaks, CA: Sage.